پاشکۆی ٣

پێشەکیەك بۆ نامەی ڕۆما

أ. نوسەری نامەی ڕۆما : ڕۆما ٩: ٣- ٤ لەم نامەیدا پۆڵس خۆی بە نوسەر دەناسێنێ (ڕۆما ١: ١) .

ب. ئەوانەی نامەکەیان بۆ نوسراوە .

چۆن کڵێسا لە ڕۆما دامەزرا ؟

١. جولەکە پەرت وبڵاو ببونەوە لە زۆربەی وڵاتەکاندا . سەرەتای ڕاپێچکردنی شانشینی باکور بەرەو ئاشور لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین و شانشینی باشور بەرەو بابل لە هەردوو سەدەی حەوتەم وهەشتەمی پێش زایین ، وای لە جولەکەکان کرد بە وڵاتانێکی زۆردا بڵاوە بکەن و تیایدا بژین ، وەکو بابل (عێراقی ئێستا) وە فارس (ئێرانی ئێستا) وە میسر و سۆدان و سوریاو ئاسیای بچووك (تورکیای ئێستا) و یۆنان و ئیتالیا .

بڕوانە جولەکەو بەجولەکە بووەکان (کردار ١٣: ٤٣) هەروەها بڕوانە پەیدابوون ١٧: ١- ١٤ ؛ کردار ١٦: ١٤ ؛ دەرچوون ٢٠: ١- ١٧ ؛ کردار ١٣: ٤٣- ٤٩ .

٢. جولەکەی ڕۆما .

زۆرێك لە جولەکەو بە جولەکە بوو لە ڕۆما بوون پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ، لەسەرەتادا وەکو زیندانی یاخود دیل هاتبوونە ئەوێ ، بەڵام دواتر ئازاد کرابوون ، ئیدی لەوێ دەژیان .

٣. ڕەچەڵەك و دروستبوونی کڵێسا لە ڕۆما .

نەزانراوە چۆن لەسەرەتادا مزگێنی ئینجیل گەیشتوە بە ڕۆما .

خزمەتی عیسا .

بڕوانە مەتا ٨: ٥- ١١ ؛ یۆحەنا ٤: ٧ ؛ ١٢: ٢٠- ٢١ ؛ بە وردی سەرنج بدە مەتا ٨: ٥- ١٢.

خزمەتی پەترۆس .

کردار ٢: ١٠- ١٢ ؛ کردار ٩: ٢٦- ٢٨ ؛ گەڵاتیە ١: ١٨ ؛ کردار ١٠: ١- ٤٨ ؛ کردار ١١: ٢٨ ؛ کردار ١٢: ١ – ٧ .

خزمەتی مەرقۆس .

بەپێی شایەتی پیرانی کڵێسای یەکەمین ، مەرقۆس لەگەڵ پەترۆسدا لە ڕۆما خزمەتی کردوە . ئەمەش پێ دەچی لە ساڵی ٤٤ ی زایینی بووبێت .

خزمەتی باوەڕدارانی دیکە .

کردار ١٨: ٢ ؛ کردار ١٨: ١٨- ١٩ ؛ ١کۆرنسۆس ١٦: ١٩ ؛ ڕۆما ١٦: ٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ١٩ ؛ ٢کۆرنسۆس ١١: ٢٥- ٢٦ .

خزمەتی پۆڵس .

لە نێوان ماوەکانی ٤٧- ٥٧ ی زایینی . ڕۆما ١٦: ٣- ١٥ ؛ کردار ٢٥: ١- ١٢ ؛ کردار ٢٨: ؛ فیلیپی ١: ١٢- ١٤ .

لاسایی کردنەوەی خزمەتی نێرداراوان لە ڕۆما .

١پەترۆس ٥: ١٣ ؛ بەراوردی بکە بە کردار ١٥: ١؛ ٢١: ٢٤ .

٤. دانانی کڵێسا لە ڕۆما .

ڕۆما ١: ٥- ٦ ، ١٣ ؛ ١١: ١٣ ؛ ١٥: ٩- ١٨ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ١:١٤ تا ١٥: ١٣ سەرزەنشتەکانی پۆڵس .

بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٣ دەربارەی فێرکردنەکانی پۆڵس هەروەها ڕۆما ٣: ٢٤- ٢٥ ، ٢٨ .

وە ڕۆما ٤: ١١- ١٢ ، ١٣ .

ج. مێژوو هوەرها شوێنی نوسینەوەی نامەی ڕۆما .

١. شوێنی نوسینەوەی نامەی ڕۆما .

بڕوانە کردار ٢٠: ٢- ٣ ؛ڕۆما ١٥: ٢٥- ٢٦ ؛ ڕۆما ١٦: ٢٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ١٤ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ٢٠ ؛ ڕۆما ١٦: ١ .

٢. مێژووی نوسینەوەی نامەی ڕۆما

بڕوانە کردار ٢٠: ١٦ ، ئەم نامەیە نوسرا بۆ کڵێسای ڕۆما لە کۆرنسۆس نزیکی کۆتایی زستانی ساڵی ٥٧ ی زایینی .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٦: ١- ٢ ؛ ڕۆما ١٥: ٢٣- ٢٤ ؛ ڕۆما ١: ١٠ .

٣. مێژووی سێ یەمی گەشتەکانی مزگێنیدانی پۆڵس .

لە نێوان ساڵەکانی ٥٢ – ٥٩ ی زایینی بڕوانە کردار ٢٤: ٢٧ هەروەها ساڵەکانی ٥٧- ٥٩ ی زایینی و ساڵەکانی ٥٣ – ٥٧ ی زایینی .

د. ئامانج لە نامەی ڕۆما . بڕوانە ڕۆما ١٥: ٢٣ ؛ ڕۆما ١: ٨- ١٥ ؛ کردار ٢٠: ٣، ٢٢- ٢٣ .

هەروەها بڕوانە یارمەتیدانەکانی پۆڵس بۆ باوەڕداران لە ڕۆما . ڕۆما ٤: ١ ؛ ٦: ١؛ ٧: ٧ ؛ ٨: ٣١؛ ٩: ١٤- ٣٠ .

هەر لەبارەی خزمەتەکانی پۆڵسەوە بڕوانە ڕۆما ١٥: ٢٤ ؛ ١کۆرنسۆس ٩: ٢٢ ؛ ١٠: ٣١ .

پۆڵس داوا لە باوەڕداران دەکات کە دەبێت هەموو باوەڕدارێکی مەسیحی ملکەچی دەسەڵاتداران بن . هەروەها دەبێت هەموو باوەڕدارێکی

مەسیحی بەهێز پێشوازی بکەن لە باوەڕدارانی لاواز و دەستیان پێوە بگرن بەڵام لەو سنورەدا کە پێچەوانەی ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز نەبن . بڕوانە ڕۆما ١٣: ١- ٧ هەروەها ڕۆما ١٤: ١- ١٥: ١٣) .